# ڕاپەڕین لە لاواندنەوەو گێڕانەوە بۆ خوێندنەوەو بەرهەم هێنانەوە

ڕاپەڕینی ئاداری (1991) سەرەتایەکی نوێی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کوردستاندا نەخشاندو گۆڕانکارییەکی بابەتیو چلۆنایەتیشی لە ژیانی سیاسیو ئیداری ئێمەدا هێنایە ئاراوە، بەڵام دواتر لەسەر زەمینی جوگرافیای خۆیدا دووچاری چەقێکی کوشندەو خۆ خواردەنەوە هات، بەشی زۆری ئەو فاکتەرو هێزانەشی چەپاند کە ئەویان هێنایە بەرهەم.
ئێستا لە کاتێکدا (11) ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێ دەپەڕێت ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دوور لە گێڕانەوەو لاوانەوە، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ بکرێت؟ ئایا بۆچی تاکو ئێستا زۆر لە ئامانجەکانی ڕاپەڕین نەهاتوونەتە دی؟
ڕایەک هەیە پێی وایە ئەوانەی هەوێنی ڕاپەڕین بوون ئێستا وزەی ڕاپەڕینیان لەبەردا نەماوە، ئێستا لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیداین، چۆن دەتوانین ڕوحی زیندوێتی وەبەر ڕاپەڕین بکەینەوە؟ ئەم سێ پرسیارە هەوێن و تێوەڕۆکی، ئەم تەوەرەیەمان دەبێت کە تایبەتە بە ڕاپەڕین.

ئامادەکردنی: هیوا مستەفا

## نوری بێخاڵی:

### دەسەڵاتێک ئێستاشی لەگەڵدا بێت حکومەت تیایدا لە پەراوێزی بڕیارەکانی حزب بێتو...هتد. دەبێ کام ئامانجی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین هاتبنە دی کە باسی لێوە بکەین؟!



بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەمەوێ بڵێم لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە دیرۆکی تەڤگەری ڕزگاریخوازی نەتەوەییمانو، وەڵامدانەوەی ساڵەهای ساڵی گەلە زۆر لێکراوەکەمان بوو بۆ ستەمی داگیرکاریو سەرکوتکردنی سیاسەتی تۆتالیتاریانەی بەعس، بەڵام ئەو ڕووداوو دیاردانەی دوای زەمەنێکی کورت لە تەمەنی خۆیدا ڕاپەڕین هێنانی، ئەگەر نەڵێین گومانێکی ترسناکی لای خەڵک دروست کرد لە بەرامبەر گەورەیی شۆڕشو چەمکی کوردایەتی، ئەوا بێگومان کۆمەڵێ پرسیاری وروژاند کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەڵام نەدراونەتەوە. دیارە ئێمە ناڵێین ڕاپەڕین هیچ بەرهەمێکی نەبوو، یان هیچ ئامانجێک کە شیاوی باس بێت بە دەستی نەهێنا، بە پێچەوانەوە ڕاپەڕین ئەوەی سەلماند کە کۆمەڵانی خەڵک هەر کاتێک تروسکەیەکی هیوا ببینن ئامادەی قوربانیدانو ڕووبەڕووبوونەوەن، ڕاپەڕین ئەگەر هیچی نەکردبێ بۆتەیەک بوو هەموو دەنگو ڕەنگە جیاوازەکانی کوردستانی لەخۆ گرت، کە ئەمەش بەڵگەی ئامادەگی گیانی تەباییو یەکگرتنو یەکتر قبوڵکردنی خەڵک بوو، واتە ئەو ڕاستییەی جارێکی تر دووپات کردەوە کە خەڵک تامەزرۆی یەک ریزییەو، تەنها یەکبوونی گوتاری سیاسییەکە دەتوانێ لە ئاستی خواستەکانی خەڵکدا بێت، کە تا ئەو ساتانە بەرە توانیبووی ئەو متمانەیە بپارێزێ. بەڵام ئامانجی ڕاپەڕین تەنها ڕامالینی هێزو مۆڵگەکانی داگیرکەر نەبوو، وەک چۆن یەک ریزییەکی دەمامکدراوو چەواشەکارانە نەبوو، کە دواتر حزب لە پشتی یەک دەنگی خەڵکەوە بێت هەڵەکان بقۆزێتەوەو کارەسات بۆ خەڵک بنێتەوە، بەڵکو هیواکان لەوە گەورەتر بوونو خەونەکانیش جوانتر. چونکە وەک دواتر دەرکەوت ڕاپەڕینو ئەو واقیعە سیاسییەی بەرهەمی هێنا نەک نەیتوانی قەرەبوی قوربانییەکانی جەماوەر بداتەوەو لە ئاستی پێویستدا بێت، بەڵکو برینەکانی قووڵتر کردەوە. کەواتە ئامانجەکانی ڕاپەڕین زۆر لەوە گەورەتر بوون، کە دەسەڵاتی حزبایەتی دوای ڕاپەڕین دێت لە بەهای دەستکەوتو ئامانجەکان کەم دەکاتەوە، بۆیە خەڵک تاوانی نییە کە تاکو ئەم چرکەیەش گومان لە شۆڕشو کوردایەتی بکاتو بپرسێ: ڕاپەڕین لەپێناو چیو بۆ کێ؟!

لێرەوە دەکرێ بڵێین خودی پرسیارەکانی تەوەرەکەش هەر یەکەو لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ پرسیاری تر بەرهەم دێنێ کە فەرامۆش کردنیان ئاسان نییە. خۆ بوردنیش لەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتی دوای ڕاپەڕین تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە هیواو گەشبینی لە دڵی خەڵکدا بڕوێنێ، فێڵکردنێکی ترە لە خۆمان کە دەرەنجام تووشی هەڵەی گەورەترمان دەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەپرسین: (ئەگەر ئامانجە ڕاستەقینەکانی ڕاپەڕین بەدەست هاتوون کوا؟ ئەگەر نا بۆچی؟) بۆ وەک (اضعف الأيمان)یش شتێک نادۆزینەوە بەناوی ئینتیماو بەرپرسیارێتی؟ بۆ خەڵک گۆشەگیرو بێهوودە چرکە ساتەکانی ژیانیان لەتەک ترسو دڵەڕاوکێدا دەگوزەرێنن؟ کوان ئەوانەی سەر مەشقی تێکۆشانو قوربانیدان بوون؟! دەتوانین سەبارەت بە پرسیاری ئامانجەکانی ڕاپەڕین وەڵامەکەی بە ئاسانی لە پرسەی بەردەوامی قوربانییانی براکوژی.. لەبەر کەنارکردنو پشتگوێ خستنی تێکۆشەرانی دوێنێ.. لە ڕەشبینی خەڵک.. لە دابڕاندنو بە پەراوێزبوونی نەوەی بەرهەمی بەناو ئازادی.. لە نوزانەوەی منداڵە لاتو لانەوازەکانی سەر چوارڕیانو شۆستەکان.. لە ژیانی کولەمەرگی خانەوادەی شەهیدو قوربانیانی ئەنفالو کارەساتەکان بدۆزینەوە.. دوا جاریش لەو نیشتمانو یادگارییانەی منداڵی حەشاماتێک کە دەبنە مشتێ یادەوەریو توێشوی سەفەرێکی بێ چارەنووس دەخرێنە جانتاکانی کۆچ!

دەسەڵاتی دوای ڕاپەڕینو ڕەفتاری حزب کە نەیتوانی ماف بۆ خاوەنەکانی بگێڕێتەوە.. کە نەیتوانی تێکۆشەرو تێکۆشەر- نیشتمانپەروەرو نیشتمان فرۆش لە یەکتری هەڵاو بکات.. لەبری ئەوەی وەعزەکانی دیکتاتۆر بگۆڕێ، کەچی بیانکاتە تەلقینو ئامۆژگارییەکانی حزبی سەرکردەو لە بەرگێکی تردا.. دەسەڵاتێک کە بەرهەمی قوربانیدانی خەڵکو لە نەعرەتەی ڕاپەڕیوی جەماوەردا هاتبێتە سەر کورسی عەرشو، کەچی پێی وابێ ئەوە بەخشندەی ئازادیو لەژێر چەتری دیموکراسیدا شۆڕشگێڕیو کوردایەتیو هەڵوێست بەسەر سەری خەڵکدا هەرزان فرۆش بکات. دەسەڵاتێک دەمی شمشێری لە بەرامبەر دەستەو گروپە کۆمەڵایەتیو سیاسییە خۆماڵییەکان تیژ بکاتەوەو دەرگای قسەکردنیان بە ڕوودا داخاتو، لەولاش گەمەی (گورگو گیسکەکەی هەیاس) لەگەڵ بەرەی تورکمانی بەکرێگیراودا بکات. دەسەڵاتێک پێی وابێت سەروەری یاساو ئاسایشی نەتەوەیی بریتین لە سەروەریو ئاسایشی حزبو سەرکردەو بەرژەوەندییەکانیانو، لە دەرەوەی ئینتیمای ئەواندا کەس بۆی نەبێت قسە بکاتو ڕەخنە بگرێ.. دەسەڵاتێک تا ئێستا وەڵامی نارەزاییو بێزاری خەڵک نەداتەوە کە ئاخۆ کێ ئەو مافەی پێداون دوای دە ساڵ هۆڵەکانی هەڵبژاردنو سندووقەکانی دەنگدان داخەن.. دەسەڵاتێک ئێستاشی لەگەڵدا بێت حکومەت تیایدا لە پەراوێزی بڕیارەکانی حزب بێتو...هتد. دەبێ کام ئامانجی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین هاتبنە دی کە باسی لێوە بکەین؟! ئەگەر ئازادکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستان بەرهەمی ڕاپەڕین بێتو،هاودەنگیو یەک سەنگەری خەڵکو هێزی پێشمەرگەو دواتر کۆڕەوی ملیۆنی نیشانەی ئومێدو بڕوا بوونی کورد بێت بە هەڵسانەوەو گەیشتن بە ئاسۆی ڕزگاری. ئەگەر واقیعی ڕۆژانی ڕاپەڕینو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان هیوایەکی لای خەڵک دروست کردبێت بە گۆڕانی سیستەمو جۆری پەیوەندیو مامەڵەی سیاسی دەسەڵاتو خەڵکو کرانەوەی کۆمەڵگای کوردیو هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی دیموکراسی گەلیری. ئەوا دواجار ململانێی تەسکی حزبایەتیو شەڕی براکانو پاوان کردنی دەسەڵاتو سەرچاوەکانی ژیانی خەڵکو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانیانو گەمە ترسناکەکانی حزبی کوردی لەگەڵ داگیرکەران بەناوی دۆستایەتیو لەژێر پەردەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانو ئەزموونەکەمان، سەرجەمی خەونو خولیاکانی جەماوەرو خەڵکی نیشتمانپەروەری کردە بلقی سەر ئاو.

ئەمەی سەرەوە بۆ خۆی دەکرێ ببێتە وەڵامی پرسیاری دووەم. چونکە ئەو ڕەوشە بە ڕۆڵی هەرچی گورو تینو وزەی ڕاپەڕینە لەبەر ئەوانەی کوری ڕۆژی تەنگانەو هەوێنی ڕاپەڕین بوون پروشاند، بە جۆرێک ئەو دەسەڵاتەی ڕاپەڕین بەرهەمی هێنا لەبری ئەوەی کەسایەتی نوێ بینا بکاتەوە کە هەست بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی- نەتەوەیی (نەک حزبی) بکات، بووە هۆی تێکشکاندنی کەسایەتی ئەوانەش کە زەمەنێکی درێژ ژیلەمۆی شۆڕشو سەر قافڵەی قوربانیدانو گیانبازی بوون.. کەواتە ئەو نێوەندەی باسی لێوە دەکەن بە هەڵەدا نەچووە لەوەی کە ئەوانەی هەوێنی ڕاپەڕین بوون ئەمڕۆ ئەو جۆشو خرۆشەیان نەماوە، بگرە ڕەنگە بێزارو پەشیمانیش بن لە کۆمەڵێ بۆچوونو هەڵوێستی ئەوێ ڕۆژیان، چونکە ئەوان بۆ هەلومەرجێک ئامادەی قوربانیدان بوون کە بەڕاستی جەوهەری شۆڕشو تێکۆشان مەبەستێتی، ڕەوشێک دواجار خۆی لە پیسیو تاوانەکانی ڕابردوو ڕابماڵێو سیمای تەڵخی ڕابردوو بشواتەوە، کەشێک کە تیایدا سەروەریو بەها بۆ تاکەکان بگەڕێتەوەو ئازادیش ئەو ئاوە بێت کە هەمووان تینوێتی خۆیانی پێ بشکێنن.. خەونی ئەوان هاتنە کایەی دەسەڵاتێکی نیشتمانی بوو کە مافی ژیانو هاووڵاتی بوونو ئازادی ڕادەربڕینو کاری یەکسان بۆ تەواوی تاکەکان مسۆگەر بکات، نەک دەسەڵاتێک خەڵکانی جیاواز لە بۆچوونی سیاسی خۆی بخاتە دەرەوەی بازنەی هاووڵاتی بوونو لە سەرچاوەکانی ژیانو کەناڵەکانی گوزارشت کردن لە هیواکانیان بێبەشیان بکات.

کەواتە بۆ ئەوەی جارێکی تر وزەی تێکۆشانو گیانی ئینتماو بەرپرسیارێتی بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی تاک متمانە بە هەست بە بوونو توانای خۆی بکات.. بۆ ئەوەی خەڵک هەروا نەزانێ کە ڕاپەڕین تەنها جلە زەیتونییەکانی بە شاڵو ڕانکو چۆغە گۆڕییەوەو بیرکردنەوەکانیش هەر وەکو خۆیان مانەوە.. بۆ ئەوەی تەنانەت بەقەد تاڵە موویەکیش ئومێدێک هەبێت خەڵک بەم نیشتمانەوە گرێبداتەوە.. بۆ ئەوەی وزەی ڕاپەڕین وەبەر جەستەو مێشکی جەماوەردا بێتەوەو گیانی خۆڕاگریو بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی ڕاگواستنو بە عەرەب کردن زیندوو بکرێتەوە. پێویستە دەسەڵات دەستبەرداری حەزی پاوان کردنو باڵا دەستکردنی ئایدیۆلۆژیاو قۆرخکردنی سەرچاوەکانی ژیانو بیرکردنەوەو گوزارشت کردنی خەڵک بێت.. دەبێت بوار لە بەردەم بەشداری سیاسیانەی وەک یەکی جەماوەرو ئازادی ڕادەربڕینو ڕەخنە بکاتەوە، گەرەکە واز لە درۆشمبازیو تەلقینداندان بهێنێو کەمێکیش گوێ بۆ ئازارەکانی خەڵک قولاغ بکات.. پێویستە نێوەندی سیاسی کوردیو لەنێویشیاندا دەسەڵاتداران واز لە چەند کەرتکردنی کوردستان بێننو پردێکی متمانەو بڕوا بۆ تەباییو ئاشتیو بەیەکەوە ژیان دروست بکەن.. دەبێت لە بەرامبەر کێشە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە ئایندەی سیاسی دۆزی نەتەوەییمانو ژیانی خەڵک هەڵوێستیان بگۆڕن.. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ڕەگەکانی گەندەڵی (سیاسی- ئیداری) لە داموودەزگاکاندا ببڕێتەوە، گەل لە ڕێگەی ڕاپرسو ریفراندۆمی ئاشکراو ڕاستەوخۆ بەشدار بێت لە دارشتنی بڕیارە ستراتیژیو چارەنووسازەکان.. هەموو ئەو شتانەش بۆ ئەوەی بتوانین بە بیری هەموومان‌دا بێنینەوە کە هێشتا کاروان وێستگەی تری ماوەو عاشقێکی زۆرو ئاوەدانی زیاتری ئەم نیشتمانە لەجێ ژواندا چاوەڕێی دەستەملانێی ڕاپەڕینو ڕزگارین!

## ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل:

### ڕاپەڕینێک دوای یازدە ساڵ ناتوانێت وەڵامی پرسیارێکی خێزانی ئەنفال کراوێک بداتەوە کاتێک دەپرسێت: (هاوسەرەکەم کوانێ؟)



ڕاپەڕین چرکە ساتێکی مێژوویی دەگمەن بوو، خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان، چونکە یەکەمجارو ڕەنگە دوا جاریش بووبێت کە گەلی کوردستان وەکو یەک ئیرادەو یەک جەستەو عەقڵ کاری کردبێت، ئەم یەکێتییە ئیتر لە دوای ڕاپەڕینەوە بوو بە وەهم، ئەوانەی دوێنێ ڕاپەڕینیان ئەنجامداو هیوا خوازی لەنێو بردنی قڕکردنو جینۆسایدبوون، ئەمجارەیان کەوتنە گیانی یەکتری، شۆڕش کوڕەکانی خۆی خواردەوە، شۆڕش سەری شۆڕشگێڕەکانی خواردەوە، کارەساتێکی چەندە سەیرە، بڕوانە، من زۆر سەرسامم بە پرسیاری یەکەم، گومانێکی چەندە قووڵی لەنێوخۆیدا حەشار داوە، دوای یازدە ساڵ لە ڕاپەڕین کەچی ئێمە هێشتا نازانین کە ڕاپەڕین چەندە ئامانجەکانی خۆی بەدی هێناوە! بەڵام من لێرەدا دەپرسم: ئەرێ بەڕاست ئامانجەکانی ڕاپەڕین چی بوو؟ ئەگەر بۆ کەسانێکو لایەنێک وەرگرتنی دەسەڵات بووبێت، ئەوە دیارە لای زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر تاکە ئامانجی ڕاپەڕین ئازادی بوو، بەڵێ ئازادی تاقە پەیامی ڕاپەڕین بوو، ئەو ئازادییەی دواتر لەسەر سەکۆی شەڕی ناوەخۆی حزبە مەغرورەکانی کوردستاندا تیرۆر کرا، ئەوانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایە لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، دوای ڕاپەڕین بوون بە دوژمنی سەر سەختی ئازادی.

وزەی ڕاپەڕین چۆن دەمێنێت؟ کاتێک حزبی کوردی لەپێناو دەسەڵاتی پەترياركييانەی خۆیدا هاناوەبەر داگیرکەران ببات، وزەی ڕاپەڕین ئەو ڕۆژە نەما کە حزبی کوردی هات بەناوی دیموکراسییەتو گیانی لێبووردەیی خۆفرۆشو جاسووسو ڕەفیق حزبییەکانی کردە بەرپرس، ئەوانەی تا دوێنێ بە قاتێ جلی زەیتونی ماڵ بە ماڵو کۆڵان بە کۆڵان بە دوامانەوە بوون بۆ ئەوەی بمان کەن بە جیش الشعبیو نەسیر بەعسی، ئەمڕۆ بە کورتەکو شەرواڵەوە پەنجەی ئەوەمان بۆ درێژ دەکەن گوایە ئێمە تابووری پێنجەمین!

بەم شێوەیە حزبی کوردی ڕووی خۆی ناشیرین کرد، لە ناوەوەش هەوڵی دەدا گیانی ڕاپەڕین خامۆش بکاتەوە، نەوەکو ئەم ڕۆحە زیندووەی ڕاپەڕین ڕۆژێک لە ڕۆژان بارگەو بنەوانی ئەویش لوول بدات، ئەوە بوو هەر ڕۆژەی لەژێر ناوێکو بە بیانوویەک حزبێک لوول دەکراو بارەگاکانی دادەخراو دەدرایە بەر تۆپ.

حزبی کوردی ناتوانێت لە ڕەشو سپی زیاتر ببینێت، ئەو تەنیا دوو بەرە بەدی دەکات، یان لەگەڵ منی، یان دوژمنی منی. بەم جۆرە لە بیرکردنەوە دەسەڵاتیان گرتە دەستو کارەساتیان نایەوە، سەیرکە پرۆسەکە چۆن ئاوا بە سادەیی گۆڕا، یازدە ساڵ بەر لە ئێستا چونکە بەعسی نەبووین وەکو هاووڵاتییەکی پلە دوو پلە سێ مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرا، ئێستاش، دوای یازدە ساڵ پاش ڕاپەڕین، چونکە پارتیو یەکێتی نین، بە هەمان شێوە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت، من لەم ڕەهەندەوە لە دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین دەڕوانم کەواتە بێ دەستکەوتین، تۆ واز لەوانە بێنە کە قسەی گەورە لەبارەی ڕاپەڕینەوە دەکەن، ئەوان حەقی خۆیانە، بەڵام من، تۆ، هاووڵاتییەکی ئاسایی، دەتوانین چی بڵێین، دایکی شەهیدو منداڵە شەهیدو خێزانی شەهیدو ئەنفالەکان، دەتوانن چی بڵێن، ڕاپەڕینێک دوای یازدە ساڵ ناتوانێت وەڵامی پرسیارێکی خێزانی ئەنفال کراوێک بداتەوە کاتێک دەپرسێت: (هاوسەرەکەم کوانێ؟) دەبێت چاوەڕوانی چی لێ بکرێت.

وا تێدەگەم ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا زیادە!

کاکە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی چیو زیندووکردنەوەی ڕۆحی ڕاپەڕینی چی؟ هاوڕێم بڕوا بکە ئەوانە قسەی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانە، چونکە لە واقیعدا شتێکی وا بوونی نییە، دەسەڵاتی کوردی ڕۆحی ڕاپەڕینی هەڵا هەڵا کرد، یەک ڕۆژیش بیر لە ڕزگاری نیشتمانی ناکاتەوە، ئەوەندەی لای گرنگە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بپارێزێت، ئەوەندەی لای گرنگە خۆی وەکو تاکە نوێنەری کورد بناسێنێت، ئەوەندەی گەرەکیەتی ڕووە ناشیرینەکانی خۆی جوان بکات، ئەوەندە لە خەمی ڕزگاری نیشتمانیدا نییە، تۆ بڕوانە چوار ساڵە ناتوانن یەک ڕێککەوتن جێبەجێ بکەن، چوار ساڵە ناتوانن لەسەر یەک پەرلەمان کۆک بن، بێ ئاگا لە ڕەوشی نێودەوڵەتیو بێ خەم لە ئاست ئایندەی ئەم ئەزموونە.

## ئەرخەوان ڕەسوڵ:

### شەڕی ناوەخۆ بووە مایەی پسانی پردی پەیوەندی نێوان جەماوەرو حزبەکانو وایان کرد کە بە لێشاو خەڵک کوردستان بەجێ بهێڵنو بەرەو هەندەران کۆچ بکەن.



ئامانجی سەرەکییو بنەڕەتی ڕاپەڕین ئازادکردنی کوردستان بوو لەژێر دەستی ڕژێمی صەدامو زوڵمو زۆردارییەکانی بەڵام ئامانجی ڕاپەڕین تەنیا لێرەدا ناوەستێ بەڵکو هەر قۆناغەو خواستو ئامانجو پێداویستی خۆی هەیە کە ساڵ لە دوای ساڵ خۆیان دەسەپێننو پێویست دەکات کاریان بۆ بکرێ. قۆناغی دوای ئازادکردن بریتی بوو لە ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی هەموو بوارە داڕووخاوەکانی کوردستان، کە کارکردن لە هەموو بوارەکاندا بەردەوامە ئەگەرچی هەندێ خاوی لە ڕەوتی ئەنجامداندا هەیەو کەموکوڕیش هەر هەیە بەڵام ڕاپەڕین توانی تا ڕادەیەکی باش ئازادیو دیموکراسیو فرە دەنگیو فرە بیرو باوەڕی ببەخشێ بە جەماوەری کوردستانو بە جۆرێ کاریگەری هەبێ لەم ڕووەوە کە ئەو خەڵکانەی لەسەر یەک دەنگو یەک بیرو باوەڕ ڕاهاتبوون هەر وەکو زۆربەی زۆری وڵاتانی دەوروبەر بتوانن ئەم فرە بیرو باوەڕییو دەنگە جیاوازانە قبوڵ بکەنو کاریشی تێدا بکەن. جگە لەمە کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ئاشکرا کاریگەری عەولەمەو مەدەنییەتو تەکنۆلۆژیای هاوچەرخی پێوە دیارە کە زۆر بە خێرایی تەشەنە دەکاتو پێشکەوتنێکی پێوە دیارە... ڕەنگە لە هەندێ وڵاتانی دراوسێی سەرکوت کراو باشتر بێت. نابێ هەرگیز ئەوە لەبیر بکەین کە ڕاپەڕین لە کوردستانێکی وێرانو کاولدا هاتە دی کە جگە لە وێرانی خاک وێرانی دەروونیو ڕۆشنبیریو سیاسیش بوو. ڕاپەڕین ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕێگری نەبوایە دەیتوانی لە ئێستا باشتر کوردستان بژێنێتەوەو ئامانجەکانی ڕاپەڕین بەدی بهێنێ. ڕاپەڕین لە سەرەتادا کارێکی شۆڕشگێڕانەی چەکداری بوو بۆ ئازاد کردنی کوردستان، لە هەموو شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی جیهاندا، نەوەیەک ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینە ئەنجام دەداتو نەوەی دوای ئەوان ئەرکی بەردەوامیو بنیاتنان دەگرنە ئەستۆ، ڕاپەڕین وەکو کردەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخواز ئەنجامدراو هەموو چینو توێژەکانی گەل وزەو هەوێنی ئەو ڕاپەڕینە بوون، بەڵام لەم قۆناغەی ڕاپەڕیندا ئەرک دەکەوێتە سەر شانی نەوەیەکی نوێ ئەو نەوەیەی ڕەنگە بەشداری نەکردبێ لە ئەنجامدانە شۆڕشگێڕانەکەدا بەڵام دەتوانێ دەوری کاریگەری هەبێ لە بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوەو بوارە زانستیو ڕووناکبیریو تەکنۆلۆژییەکاندا.

ئەوانەی ڕاپەڕینیان ئەنجامدا دەکرێ ئیتر ڕێزیان لێ بگیرێو وەکو کەسانێک کە ئەرکی پێویستی سەر شانی خۆیان ئەنجامداوە پێویست ناکات ئەوان هەمیشە لە سەنگەردا بنو ڕاپەڕین بپارێزن ئەرکو پێداویستییەکان ئەمڕۆ لە ئەستۆی کەسانێکی دی دایە ئێستا کوردستان لە قۆناغی شۆڕشگێڕی دەرچووە بەرەو بنیاتنانو سەقامگیر بوونو گەشە کردن هەنگاو دەنێ کە ئەمەش تەنیا ئەرکی تەنها ئەوانە نییە کە یەکەمجار هەوێنی ڕاپەڕین بوون بەڵکو ئەرکی هەموو چینو توێژەکانی گەلە کە ئەمڕۆ لە کوردستان بە ئازادی دەژینو دەتوانن کار بکەن. بەڕای من ئەو چینەی ڕاپەڕینیان ئەنجامدا هێشتا بەردەوامن لە وزە بەخشینو بڕەودان بە هێنانەدی ئەنجامەکانی ڕاپەڕین، ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا ئەوان ئەو تواناو وزەیەشیان نەبێ ئەمە کارێکی سروشتییەو بە درێژایی مێژووی گەلان هەر وابوو.

بە زیندوویی ڕاگرتنی گیانی ڕاپەڕین بەندە بە دابینکردنی ئازادی بۆ هەموو بیرو باوەڕە جیاوازەکانو ئەو تاکانەی کۆمەڵێش کە لەسەر ئەو بیرو باوەڕە جیاوازانەن، هەروەها دیموکراسی بە هۆشیارییەوە بەرجەستە بکرێو ڕێی نەدرێ بیروکراتی باڵ بکێشێ بەسەر ڕەوتی ڕاپەڕیندا.

ئاشکرایە کە شەڕی ناوخۆو ناکۆکیو ململانێ نارەواکان تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری خراپیان لەسەر ڕاپەڕین هەبووو بوونە مایەی پسانی پردی پەیوەندی نێوان جەماوەرو حزبەکانو وایان کرد کە بە لێشاو خەڵک کوردستان بەجێ بهێڵێو بەرەو هەندەران کۆچ بکەن. ئەو گیانی بێزاریو ڕەش بینییەی لە ئەنجامی ئەو شەڕو ناکۆکیانەوە هاتە دی تا ئێستاش کاریگەری بەردەوامی لەسەر جەماوەر هەیە.

جگە لەوەی کە بیروکراتی لە هەندێ حاڵەتەکاندا دیسان دەبێتە هۆی نا ئومێد بوونی کەسانێکی زۆر لە دەسەڵاتو حوکمرانی. دەکرێ لەم قۆناغەدا ڕێ لە تەشەنە کردنی بگیرێو فرە لایەنیو دیموکراسیو ئازادی بەرجەستە بکرێ.